


نازەنین تەیفور حسین:

# دوای ساڵێک وتیان ئەنفالکراوەکان بەربوون وا لەماڵی برایماغان لەگەڵ دایکم ڕۆشتین بۆماڵیان، بەڵام تەنها کەل وپەلەکانیانی لێبوو .

دیدار عومەر محەمەد

دیمانە لەگەڵ کراو نازەنین تەیفور

شوێن : گوندی هۆمەر قەوم – ناوچەی سورداش

ڕێکەوتی ١٢ی شوباتی ٢٠١٤

**ڕۆژی ٢٠١٤/٢ لەگەڵ کاک فەرەیدون چاوشین بەنیازی دیداری خانەوادەیەکی ئەنفالکراو چوین بۆ گوندی هۆمەرقەوم، گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە لە ڕۆژهەڵاتی ناحێی سورداش. کەوتووەتە سەر ڕێگای دۆڵی گەشتیاری مێرگەپان لە بن چیای سەرکەشی دابان و چیای چەرماوەند، ئەو گوندەش لەپەلاماری ئەنفالی قۆناغی یەکەمدا خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆ نیشتمان، و ١٨ گەنجیان خۆیان رادەستی جاشەکانی برایماغاکردبوو، بەڵام ئەو لەبری داڵدەدانیان رادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی چوارقورنەی کردبوون، سەرئەنجام هەموویان ئەنفالکران و جارێکی تر نەبینرانەوە .**

**لەگەشتەکەماندا دیمانەمان لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجامدا کە هەموویان کورێکیان یاخود برایەکیان لە تاوانی ئەنفالدا لەدەستدابوو، یەکێک لەوکەسانەی دیمانەمان لەگەڵدا سازکرد نازەنین تەیفور بوو، هەرچەندە شوێنی دیمانەکەمان بۆ ئەو زۆرگونجاو نەبوو، بەڵام لەوکاتەدا ناچاربووین دەرفەت لەدەستنەدەین سەرئەنجام ئەم دیدارەی لێکەوتەوە.**

**ئەگەر ناوی سیانی خۆت بلێیت ؟**

نازەنین تەیفور حسین

**تەمەنت چەندە ؟**

لە ١٩٦٨دایکبووم .

**هەر لەم گوندە لەدایک بوویت ؟**

بەڵێ هەرلێرە لە گوندی هۆمەر قەوم

**تاچەندت خوێندووە ؟**

تەنها هەتا پۆلی چواری سەرەتاییم خوێندووە.

**لە کوێ چویتە قوتابخانە ؟**

هەرلە گوندەکەی خۆمان لە هۆمەر قەوم

**چەند کچی تر لەگەڵ تۆدا دەیانخۆوێند ؟**

وەڵا زۆر بوین

**کەواتە کچانی هۆمەر قەوم زۆریان خوێندەوارن ؟**

بەڵێ

**هاوسەرگیریت کردووە ؟**

بەڵێ

**ساڵی چەند هاوسەرگیریت ئەنجام داوە ؟**

لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە هاوسەر گیریم کردووە .

**نازەنین خان تۆ چەند کەس لە خانەوادەکەتان ئەنفالکراون ؟**

دوو کەس ئەوانیش باوکم و برایەکم .

**براکەت ناوی چی بوو ؟ موالیدی چەندە ؟**

ناوی عوسمان و موالیدی ساڵی ١٩٧٠

**ژنی نەهێنابوو ؟**

نا نەخێر هێشتا هەر سەڵت بوو

**باوک وبراکەی تۆش هەر لەگەڵ ئەوکەسانەی هۆمەر قەومدا گیراون ؟**

بەڵێ هەموویان بەیەکەوە بوون .

**هەرئەوەندەت دەزانی کە ئەوانیش لای برایم ئاغا گیراون و دوای ئەوە سۆراغیتان نەدەزانی ؟**

بەڵێ ، من لەگەڵیاندا بووم کە لە ئێران گەڕاینەوە

**جارێ ئەوەم بۆ باس بکە چۆن لە ئێران بڕیارتاندا بگەڕێنەوە ؟**

لەوێ ئاوارە بووین، وەزعمان زۆر ناخۆش بوو بۆیە بڕیارماندا بە قاچاغ بگەڕێینەوە

**کێ ئەوبڕیارەیدا خۆتان یاخود کەسێک هەبوو پێشڕەویتان بکات ؟**

دوای ئەوەی پیاوەکان پرسورایان بەیەکتری کرد بەکۆمەڵ ئەو بڕیارەیاندا

**ئەی ئێوە راتانکرد بوو نەتان دەزانی حکومەت نیازی خراپە و گوندەکان وێران دەکات ودەتان گرێت ؟**

وتمان دەچینەوە لای برایم ئاغا وەرەقەمان بۆ بکات ودەڕۆینەوە بەڵام هەتاوەکو ئێمە وەرەقەکانمان کرد ئەوان لەوێ گیران و برایم ئاغا تەسلیمی کردبوون .

**برایماغا ئەوکاتە چی بوو ؟**

جاش بوو موستەشاری حکومەت بوو .

**بە بیرت دێ کە ئێوە گەڕانەوە چەند کەس دەبوون ؟**

ناوچەی ئێمە دۆڵی جافایەتی شەست کەسی لێبوو

**هەموتان گەڕانەوە ؟**

بەڵێ

**هەموتان تەسلیمی برایم ئاغا بونەوە ؟**

بەڵێ

**ماڵی ئێوە چەند کەس بوون ؟**

من و باوکم و براکەم

**ئەی دایکت لەگەڵتان نەبوو؟ ئەو لەکوێ بوو ؟**

ئەوان لەسلێمانی بوون، باوکم فەرمانی دەسگیرکردنی هەبوو، من لە هۆمەر قەوم بوم، ببووم بەبنەوانیان[1] ئەوەبوو ئەو ئێوارەیە هێرشکرایە سەرمان و ڕۆشتین.

**بۆکوێ ڕۆیشتن هەریەکسەر ڕۆیشتن بۆئێران .؟**

لەپێشەوە بۆخۆشمان نەماندەزانی بۆکوێ دەچین بەڵام وەزعەکە زۆرخراپ بوو هەتا ئێران نەگیرسواینەوە.

**کە گەڕانەوە و هاتنە سەر سنور چۆن گیران ؟ خۆتان چون تەسلیم بونەوە یاخود دەورتان گیراو ناچاربوون تەسلیم بن ؟**

دووجار کەوتینە (کەمین )بۆسەوە ، جارێکیان نزیکەی شەش سەعات ڕۆشتین لە شێنێ بە قاچاخە رێدا چاوساغمان لەگەڵدا بوو، ئێمە کەمێک ئیسراحەتمان کرد و ئەوان کەوتنە کەمینەوە و قاچاخچیەکیش کوژرا، ناچار گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان بە شەش سەعاتی تر ئینجا گەیشتینەوە شوێنی خۆمان ماوەی دە ڕۆژ لە شێنێ ماینەوە لەمزگەوتەکەدا بووین، دەلیلێکی ترمان پەیدا کردوو بە دوو شەو و دوو ڕۆژ گەشتینە دێیەک لە زولکانی سەرجۆ لەپشتی سەنگەسەر، لەوێوە باوکم و کاک عوسمان و ئەوەم لەبیر نەماوە کێی تریش بوو چوون بۆماڵی برایم ئاغا .

**چاوساغەکەتان ناوی چی بوو ؟ کێ بوو ناسیاو بوو ؟**

وابزانم ناوی ڕەسوڵ بوو خەڵکی شێنێ بوو

**بەپارە هات لەگەڵتان ؟**

بەڵێ ، ئەوان چوبونە ئەوێ کە وەرەقەیان بۆ بکات و بگەڕێنەوە ئەوەبوو ئەویش لەوێ تەسلیمی کردبوون

**وەعدی دابوو کە بێنەوە وەرەقەیان بۆ دەکات و وەعدەکەی شکاندبێت ؟**

ئەو بێئاگا بوو کە ئەمان ڕۆشتبوون وئەو پێشتر ئاگادار نەکرابویەوە ، دوای ساڵێک لەوە من چومەوە ماڵی برایم ئاغا تەنانەت جانتا و کەل و پەلی ئەو کەسانەی کە تەسلیمی کردبوونەوە هەر لەوێ بوو تەنانەت تەسجیلێکی خزمێکمانن ناسیەوەو بۆم هێنایەوە

**هەرچیت بویستایە دەتتوانی بیهێنین بە ئاسانی ؟**

بەڵێ ، هی سەمەدیشم ناسیەوە پڕبوو لە شت نەمهێنایەوە و هەندێکیان قفڵەکانیتن شکابوو

**ئێستە پەشیمان نیت لەوەی نەتهێناوە ؟**

زۆر پەشیمانم، تەنانەت خۆشم شتی زۆرم کڕیبوو، لە سەیتەرەکەی چوار قورنە دایان بەزاندین هەموویان هەڵڕشت، وتیان ئەم شتانە هی کوێیە؟ منیش وتم لە ترسی تۆپ باران هاتوین بۆماڵە خزمەکانمان بۆ شاری قەڵادزێ.

**ئێوە نەگیران ؟**

ئێمە نۆ ئافرەت بووین، نەگیراین، سواری سەیارە بووین بۆ ڕانیە و لەوێوە هاتینەوە بۆ سلێمانی .

**بەپێی زانیاری من، هەندێ کەس ژن و منداڵەکانیشیان گیران ؟! وایە**

بەڵێ ئەوەی لە سەیتەریەکەی سونێوە هاتبێ گیراوە بەڵام ئێمە بە قاچاغەڕێدا هاتبوین لە ڕەزگە ودۆڵە کۆکەوە.

**واتا هەتا دوای ساڵێک کەل و پەلەکانتان لەوێ بوون ؟**

---

1 مەبەست لەبناوان ئافرەتی سەرماڵە، زۆرجار لەزمانی گوندنشینانی ناوچەکوێستانەکانی کوردستان بەکابانی ماڵ دەڵێن بناوان مەبەست لەم ووشەیە سەرچاوەی ئاوەدانی ماڵە .

بەڵێ ئێمە دوای ساڵێک هەواڵمان بۆ هات وتیان ئەنفالکراوەکان بەربوون و لەوێن ئێمەش لەگەڵ کاک حەمە کەریم کە کوڕی ئەویشی تێدابوو لەگەڵ دایکم و باجی خاتوون ڕۆشتین تەنها کەل و پەلەکانیانی لێبوو لەقاتی سەرەوە

**تا کەی چاوەڕوانی باک و براکەت کرد ؟**

تا ڕوخانی سەدام ئینجا دڵنیا بووین

**تۆ لەلای کێ دەژیایت دوای ئەوە ؟**

لای دایکم وبرام

**بۆچونتان چۆن بوو سەبارەت بە دادگایی کردنی سەدام ؟**

زۆرمان پێخۆش بوو گەر بەردەستمان بکەوتایە خوێناوەکەیمان دەخواردەوە

**سەیری هەموو دادگایی کردنەکەت دەکرد یان تەنها ناوچەی خۆتان ؟**

سەیری هەمویمان دەکرد

**پێویستە کێی تردادگایی بکرێت ؟**

پێش هەموو کەس برایم ئاغا و ئێمە هەموومان داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە چۆن ئەو کەسوکارەکەی ئێمەی تەسلیم کرد ئەویش تەسلیمی دادگای بکات و بە سزای خۆی بگایەنێت

**بەڵام ئێوە تەنها داواتان هەیە نەک نەک لە دادگا سکالاتان هەبێت .**

زۆرمان هەوڵداوە

**سکاڵاتان لەسەر تۆمار کردووە ؟**

من نەڕۆشتوم، بەڵام وتویانە ڕۆشتوین

**چی هەیە سەبوریت بدات و بتەوێ باسی بکەیت ؟**

من هەموو کات دڵم پڕە و گیانم دەلەرزێ چونکە خۆم لەگەڵیان بووم بۆ هەرکوێ ڕۆشتبن

**ئەو بابەتەی کە لە تەلەفزیۆن باس دەکرێ گوایە کچ فرۆشرابێت بە میسر قەت نەتوتووە باشتر کە براکەم کچ نەبوو ؟**

سەدان جار وە ئەشلێم باشبوو کە ئێمەش نەگیراین

**ئەی ئەوانیش بەشێک نین لە ئێمە ؟**

بەڵێ وە هیچ فەرقی نیە چونکە ئەویش کوردە

**بۆچی بینینی مەمکە مژەی منداڵێک لە گۆڕی بە کۆمەڵدا ئەوەندەی ئەوە نامان وروژێنێت کە دەڵێین ئافرەتێمان لە میسرە و هیچ شتێک لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبووە ؟**

بەڵێ بە زۆر بووە و دەسەڵاتی خۆی نەبووە من ئێستەش گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەدەدرێتەوە من خەفەتی زۆری پێدەخۆم و کاتێک کە تەرمەکانیان هێنایەوە من خەریک بوو تێک دەچووم

**ڕات چیە دەربارەی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ئەنفال تەنها ناوچەی گەرمیانی  گرتۆتەوە لە کاتێکدا گوندێکی بچوکی وەک هۆمەر قەوم نۆزدە کەسی ئەنفالکراوە و ئەم خەمە بکەین بە خەمی هەمومان نەک تەنها گەرمیان ؟**

غەدرمان لێدەکەت، چونکە لە خۆوە قسە دەکەن .

**گلەیت چیە لە حکومەتی هەرێم ؟**

ماڵی ئێمە وەک بارەگایەک بوو بۆ پێشمەرگە و بە باوکمیان دەوت ئامرمەفرەزە ودایم مەفرەزەیەکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە من بۆخۆم ئەوکاتە منداڵ بووم هەندێ شتم نەدەزانی دەڕۆشتم بۆلای باجی

فاتمی دراوسێمان فێری دەکردم و خواردنم دروست دەکرد و بە قەد حەوت پێشمەرگە خزمەتم کردووە، بەڵام هەتا ئێستا یەکێتی هیچ سودێکی بۆ من نەبووە و موچەی ئەنفالکراوەکانیشمان کە بۆیان دابین کردووین خۆ خێرمان پێناکەن، ئەوە حەقی خۆمانە

**گلییەکەت لە حکومەتە یاخود لە یەکێتی ؟**

لە یەکێتی چونکە من سەر بە یەکێتی بووم و ئێستەش لەناویاندام

**تۆمادام دەلێیت من یەکێتیم ئەوەیان رێگەی ترت هەیە ئۆرگانی خۆت هەیە دەتوانی پێیان بڵێیت**

هەموو کات پێیان دەڵێم و راپۆرتیان دەدەمێ و لە کۆبونەوەکاندا قسە دەکەم بەڵام هیچ سودی نیە

**رات چیە دەربارەی ئەوەی لە یادەکاندا ئیسکو پروسکی تەرمێک یاخود لاشەی منداڵێک یاخود پیرەمێردێک لە تەلەفزیۆن نیشان دەدەن شتێکی باشە یاخود خراپە ؟**

زۆر خراپە و پێی تێک دەچم

**بۆچی کەسوکاری ئەنفال خۆیان قسە ناکەن ؟ چی پێویست دەکات ئێسکو پروسکی تەرمێک پیشانی منداڵات بدەن ؟**

هیچ پێویست ناکات .

**بەڵام ئێوە هیچ نارەزاییەتیەکتان پیشان نەداوە تەنها گلەیی کردن شتێک دەگۆڕێ ؟**

نەخێر .

**کەواتە ئێوە پێتان باشە تەلەفزیۆنەکان لە یادەکاندا چی پێشکەش بکەن ؟**

چی باشە بۆ ئەنفال ئەوە بکەن و تەرمەکانمان نیشان نەدەنەوە

**هەتاکەی دەتەوێ بە گریان گوزارشت لە ئەنفال بکەیت ؟**

هەتا ئەو رۆژەی دەمرم

**بۆچی ؟**

چونکە یادگاریەکانیان هەمیشە لەگەڵماندایە و هەموو لەبەرچاوماندان